هوەیدا لەپاریس دوای نووسینی ڕۆمانی (ڕۆژەکانی نەخۆشخانە) ، چەندان ڕۆمانی دیکەی نووسی لەوانە، (فڕۆکەخانە)، (لەزەوی نامێدا)، (بەفری سیناء) کە هەموویان لەدەزگای گالیماری چاپکران. هەروەها چەندان لێکۆڵینەوەی نووسیوە، لەوانە (نەوتی ئێرانی) کە بانگەوازێکی بەهێزە بۆ خۆماڵیکردن و ساڵی1951 بۆاوکراوە، و (ئیرتیکیەتی هەزار و یەك شەوە) و (مێژووی ڕۆمانە پۆلیسیەکان). لەساڵانی شەستەکان توانرا هوەیدا ڕازی بکرێ دەست لەپلە و پایەی ناو ڕێکخراوی (یونسکۆ) هەبگرێت و بگەڕێتەوە ئێران، تاکو کاری دیپلۆماسی ئەنجام بدات، ئەو دێژانە پێ بوون لەهیوا لەگەڵ پێشنیارەکانی شا بۆ چاکسازی کە بە (شۆڕشی سپی) ناسرا بوو، لەناویدا گەیانکاری لەناو نەوەکانی کارکەرانی ناو دەزگاکانی وڵات هەبوو. بەوەش ئەمیر عەباسی برای هوەیدا ساڵی 1965 توانی ببێتە بەسەرۆك وەزیران و هوەیداش لەڕێگای کاری دیپلۆماسیدا بوو بەبریکاری وەزیری دەرەوە بۆ ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان. لەساڵی 1971 وەك باوەزی ئێران لەنەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیویۆرك ناردرا. کە تا ساڵی 1979 دوای دروستبوونی کۆماری ئیسلامی لەژێر باڵادەستی ئایەتوڵا خومەینی، لەو پایەیە ماوە.
لەماوەی کارکردنی ناو نەتەوە یەکگرتووەکان هوەیدا بڕەوی بەسیاسەتی کرانەوەی نێو دەوڵەتی لەنێوان هێزە گەورەکاندا و بۆ ماوەی چوار ساڵیش سەرکایەتی لیژنەی چەك داماڵینی گرتە ئەستێ. ساڵی 1980 کتێبی (ڕووخانی شا) بڵاوکردەوە، کە تێیدا بەخڕایی

باسی لەشکرشی خومەینی کردووە و رق و تۆەیی خۆشی لەبەرامبەر لەسەداردانی ئەمیر عەباسی برای لەنیسانی 1979 دەربڕیوە. دواتر کتێبی (ئاوێنە بێ مەلا) و دوای تێپەڕبوونی دە ساڵی دیکەش کتێبی (خاچە شکاوەکەی) ی نووسی. کە تۆژینەوەیەکە بێ تووندوتیژی سیاسی لەمژووی ئیسلامی. ئەو کتێبە یەکەم کتێبی هوەیدا بەزمانی ئینگلیزی. دواتر کتێبکی دیکەی بەو زمانە بەناوی (شا و ئایەتوڵا) نووسی. تێیدا هەوڵی تێگەیشتن لەئێرانی نوێ دەدات لەرێگەی دیالێگی نێوان ئەفسانە فارسییە کۆنەکان و تەقالیدی ئیسلامی نوێوە.
لەساڵانی هەشتاکانیش لایەنکی دیکەی بەهرەی هوەیدا لەئەنجامدانی زنجیرەك نیگار و کۆلاژ بەدیارکەوت و بووە مایەی سەرسامی هونەرمەندانی هاوچەرخی، لەوان ئاندی وارهۆل و شاعیر و نیگارکێشی ئەمەریکی مانوخەر یەکتای. هوەیدا پاش بەسەربردنی ملمانێی سەخت لەگەڵ نەخۆشی شیرپەنجە، ساڵی 2006 لەشاری ڤێرجەینای ولایەتە یەکگرتووەکان کۆچی دوایی کرد. دوای خۆی گیسلای هاوسەر و هەردوو کچەکەی ماندانا و ڕۆکسانای جێهێشت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی www.asharqalawsat.com

- مەبەستی ڕەمانی (Les Quarantaines) کە ساڵی 1962 بڵاویکردەوە. (وەرگێڕ)

کتێب\ سەرانی مامەحەمە.. ڕۆژنامەنووسی راپەرتۆ خوێناوەکان

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرەبکەن..

SoraniMamahamaDownload

بارزانی لە نێو پرسی ئازەکاندا.. عوسمانی حاجی مارف

مەسعود بارزانی لەمیانەی وتارێکیدا لە کۆبەندی "مەلای جزیری" وەها نیشانیدا کەجەخت لە پاپشتیکردنی پرسی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە دەکات، ئەمەش لە هەوەڵدانەکانی بارزانیە کە خەی وەک نوێنەری سەرکی پرسی کورد لە ناوچەکەدا بناسێنێت!.
ئەم هەنگاوەی لەم کاتەدا لە تورکیادا بەئاوەیە کە پەیوەندیەکی کراوەتر و هاوپەیمانیەکی فراوانتر لەگەڵ تورکیادا ئەنجام بدات، لەبەی خەی لە ململانێیەکی بەرفراوانتری ناوچەیی جێگیر بکات، تا وەک سەکەیەک بە بەرزکردنەوەی نفوزی خەی بکاریبهێنێت. ئەم هەنگاوە لە کاتێکی زەر هەستیاردا هاتووە، تەنها دوو ڕۆژ دوای هەڕشکردنە سەر کەرکەی غازی کەرمەر لە سلێمانی، کە لەلایەن فەرکەی بەفەرکەوان یان موشکەوە ئەنجامدرا، ئەمەش شکەکی ئابووری و ئەمنی بە هەرەم دروستکرد. هەرش بە سەر کەرکەی غازی کەرمەر هەشداریەکە بە بارزانی و تاڵەبانی کە هەوڵی بەهەزکردنی پەگەی خەیان یان فراوانکردنی هاوپەیمانیەکەیان ئەدەن، ئەمەش تیشک دەخاتە سەر لاوازی بارزانی و تاڵەبانی بەرامبەر بەو هەزانەی کە هەوڵی تەکدانی سەقامگیری ئابووری و سیاسی ناوچەکە ئەدەن.
لەنێوان نزیکبونەوەی زیاتر و هاوپەیمانی لەگەڵ تورکیا و فشارە ئەمنیەکاندا یاریەکی ئاڵۆز هەیە، سەردانەکەی بارزانی بە دورگەی بەتان ئاوە دووپاتدەکاتەوە کە هەرەمی کوردستان پلانی هەیە هاوپەیمانیەکانی فراوانتر بکات، بارزانی دەیەوێت ڕۆڵی نوێنەرایەتی لەنێوان ئەنقەرە و بەغدا بگێڕێت، هاوکات یاریزانەکی کارا بێت لە پرسی ئاشتی لە ناوچەکەدا! بەڵام گومانی تەدا نیە، هەوڵەستی فەرمی تورکیا ئاوەیە کە کوردستان و هەزە کوردیەکانی وەها دەوێت، ئامادەبن بە پشتیوانی لە داسپاندنی پرسەی بەناو ئاشتی لەگەڵ پەکەکەدا، کە بە ویست و نەخشەی تورکیا بە شوێنەک بگەیەنرێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕکەوتنەکی بەدەنگەوە لەسەر پەگە و ڕۆڵی هەرەم، وەک سەکەیەک بە نوێنەرایەتی یان سازدان لە پرسە ئاڵۆزەکانی

ناوچەکەدا.
هێرشەکانی سەر کەنگە گازیەکان، بوونی هێزی ناوخۆیی یان ناوچەیی ئاشکرادەکات، کە پشتوازی لەو جۆرە هەنگاوانەی بارزانی ناکەن، ئەو هێزانە ئاسایشی وزە وەک ئامرازێکی گوشار بەکاردەهێنن بۆ ناردنی پەیامێک، ئایدگەیەنن هەر هەنگاوێکی سەربەخۆ یان هاوپەیمانێکی نوێ دەبێت تێچووی سیاسی و ئابووری بەرچاوی لەگەڵدا بێت!.
نزیکبوونەوەی زیاتری ئیستای هەولێر و ئینقەرە لە کاتێکی زۆر هەستیاردایە، دوابەدوای پێشهاتەکانی سوریا و پێگەی هەسەد و دەخالەتی ئیسرائیل و ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران و دەخێ ئاماژەی ناوچەکەیە، کە کاریگەری لەسەر ئاسایشی تورکیا هەیە، کاریگەری لەسەر سەردانەکەی بارزانیش دەبێت، کەنتوانێ مەبەستەکەی بهێنێتە دی!.
لەو چوارچێوەیەدا بارزانی، هەرێم وەک زەمینەیەکی ناوەند پیشاندەدات، خەی دەخاتەناو جەرگەی پرسە بەرفراوانە بووەامکانی مەسەلەی کوردەوە. بەنام هێرشە بۆ سەر کەنگەی غازی کەرمەر تیشک دەخاتەسەر ئەو تەحەدایەی کە ووبەووی ناوچەکە دەبێتەوە، واتە بەرگرتن بۆ فراوانکردنی هاوپەیمانێکانی بارزانی، لەهەمانکاتدا ووبەووی هێشەی ئاستوخێ دەبێتەوە بۆ سەر ژێرخانی ژیان و ئاسایشی دانیشتوانی هەرێم، بۆیە پرسیار ئەوێیە بارزانی دەتوانێ لەم دەخێ ئاماژەدا چی بکات بۆ تورکیا، چۆن لە ئایندەی کوردستان دەوانێت؟. ئەوەی لەلایەکی ترەوە لە چاوەوانی بارزانیدایە، کارکردنە بۆ خگونجاندن لەگەڵ دەخالەت و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بۆ تایبەتی کە ئەمریکا گەورەترین قونسخانەی لە هەولێر کردەتەوە، بەنام یاریەکە لەنێوان دەوری ووڵاتانی زلهێزی دنیاو ناوچەکەدا بۆ ئاسان بۆ بارزانی بەدەست نایێت.
پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری، یان بەرگری لە پرسەکی خوازراو، لە دەخی ئێستای ناوچەکەدا، پێویستی بۆ ئاستی هاوسەنگیەک هەیە کە لەنێو هاوکێشە سیاسیەکان و ململانێکاندا وەک لایەنێکی سەرکی یاری بکەیت، نەک سەر بەلایەنێک یا پشتیوانی بۆ لایەنێک بچیتەناو یاریەکەوە، ئەوەی بارزانی دەیکات پاشکەبوونە بۆ لایەنە سەرکیەکان و لەپێناو پاراستنی هێزەکەی بۆ هەرنرخێک بێت، ئایندەی ئەم ئەبازە بۆ نادیاری ماوەتەوە بەهەی هەوەی هەولێر بۆ هاوپەیمانی نوێ و داشتنەوەی پێگەی ناوچەیی خەی، بەچاوەوانی بۆ ئەو پێشهاتانەی کە ئەمریکا بۆ دەخالەتی لە ئاژهەاتی ناوەاستدا دایرشتووە، بۆ هەشتنەوەی ناوچەکە لە چوارچێوەی باەدەستی ئەمریکادا و پشتیوانی و پاراستنی ئیسرائیلدا.
هەر لەو چوارچێوەیەدا سەردانەکەی بارزانی بۆ دورگەی بۆتانی

تورکیا، هەنگاوێکی ستراتیجیە بۆ بەهێزکردنی زیاتری هێزەکەی بەناوی پرسی کورد لە ناوچەکەدا و پشتیوانیکردن لە پرسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە، ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەمە لەکاتێکدایە کە هێشتا ئاستەقینە بە سەر ژێرخانی ئابووری و ئاسایشی هەرێم هەیە، کە کاریگەری لەسەر نەبونی ئاسایش بە سەرمایەگوزاری و پێگەی هەرێم لە عێراق و ناوچەکەدا داناوە، وەک نموونەی هەڕشکردنە سەر کێڵگەی کەرمێر، کە تەنگدانەوەی گەینی غاز و نەوتە بە لەدان لە نفوزی سیاسی.

هەوڵدانی بارزانی بۆ پتەوکردنی هاوپەیمانیە دەرەکیەکان و پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی تەنها بە دەستبەرکردنی پاراستنی ژێرخانی ئابووری و کێڵگەی سەرمایە و ئاسایشی خۆیەتی، بۆ جێگیرکردن و بەفەرمیکردنی دەستاتی بنەماڵە لە چوارچێوەی ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا، کە پێ لە مەترسی و پشێوی زیاتر بە هەرێم، بۆیە ناتوانێ ستراتیژێکی ڕون و یەکگرتوو، بۆ کۆتایی بە ناجێگیری سیاسی لە هەرێم و لەم دۆخەدا دەستبەر بکات، کە سیاسەت و ئاسایش و ئابووری لە بەرامبەر هەڕشەکاندا بۆیەکەوە دەبەستێت.

هەرش بە سەر کێڵگەی نەوتی کەرمێر ئەوە نیشان دەدات، کە هاوکێشەی "سەرکەوتن یا دۆران" لە ئادەبەدەر ئاڵۆزە. لەکاتێکدا تەنگە هەندێک لایەن دەستکەوتی سیاسی یان ئابووری کورتخایەن بەدەست بهێنن، بەڵام زیانە درێژخایەنەکان کاریگەریان لەسەر هەموو لایەنەکان دەبێت و دۆخەکە زیاتر ئاڵۆز دەکات، تا ئەو ئاستەی کاریگەری لەسەر هەوڵدانی ئەمریکا بۆ سەقامگیری لە ناوچەکەو عێراق دادەنێت، لەلایەکی تریشەوە ئەو دەورەی بارزانی دەیەوێت لەو ململانێیەدا یاریزانێکی باش بێت، دەکەوێتە بەر سەڵاوی ناکۆکی نێخشەو کەکەوتنی سیاستەکانی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل و ئێران و تورکیا و ووڵاتانی عەرەبی.

بەئامانجگرتنی کێڵگەی نەوتی کەرمێر، ڕووداوێکی زەر بەرچاو لەچوارچێوەی ململانێ جیۆپۆلەتیکیە هاوچەرخەکاندا پێکدەهێنێت. هەڕشکردنە سەر ژێرخانی وزە تەنیا لە چاویلکەی ئەمنی ڕاستوخۆوە سەیر ناکرێت، بەڵکو هەڵگری کاریگەریە سیاسی و ئابوریەکانیش دەگرێتەوە. لەهەمانکاتدا شێوەی بەردەوامی نێوان لایەنە شیعەکانی سەربە ئێران لە حکومەتی بەغدا بەرامبەر بارزانی لە حکومەتی هەولێر دەبینرێت، بۆیە کەمپانیەکان بەئاگان لەوەی خۆیان لە سەرمایەگوزاری لە عێراق و کوردستان بپارێزن.

دەتوانین بڵێین هەڕشکردنە سەر کێڵگەی غاز، دەستاتە هەڕشبەرەکان هەوڵدەدەن دەستکەوتی سیاسی بەدەستبهێنن لەکێڵگەی نیشاندانی توانای خۆیاندا، بە لەدانی ئامانجە ستراتیژیەکان و بکارهێنانی

ووداوەکە وەکو هەرشبڕێک لە دانوستانەکاندا، یان وەک ئامرازێک بۆ دووبارە داشتنەوەی هاوسەنگی هێز لەنێوان بەغدا و هەرێمدا، لایەنە میلیشیاکانی پابەندن بەدەوری ئێران لەعێراقدا، ئەو ووداوە دەقزنەوە بۆ ئاوەژووکردنەوەی شەرعیەتی حکومەت تێکبدەن، یان گومان بخەنە سەر توانای پاراستنی سەرچاوەکانی ووزە و دروستکردنی ئاسایشی بۆ سەرمایەگوزاری.

بگومان بەهێی وەستانی بەرهەمهێنان یان دابەزینی وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری و بازرگانی زیانی ئابووری لەدەکاوەتەوە، ئەمە جگە لە زیانە سیاسیەکانی پێیوەست بە دۆخی عێراق، وەک ژینگەیەکی ناپارێزراو بۆ وەبەرهێنان، نادڵنیایی لە بازاڕە جیهانیەکان دروست دەکات و کاریگەری نەرێنی لەسەر سەقامگیری ناوچەکە لە دەوروبەری عێراقدا دەبێت. جگە لەوەش هەرش بۆ سەر کەڵگەی غاز دەرگا بۆ ووەی پەرەسەندنی نائەمنی و دەستوەردانی دەرەکی لە عێراقدا زیاتر دەکات، لەهەمانکاتدا هاوڵەر و بەغدا بیروڕای گشتی بۆ وەهمی چاکسازیەک کە هیچ بناغەیەکی نیە، لە قاڵب دەدەن.

لەم کاتەدا ڕاگەیاندنی ئەمریکا لە دانانی مارک ساڤایا وەک نوێنەری تایبەت لە عێراق توخمێکی نوێی بۆ هاوکێشەکە زیادکردوە. ساڤایا ئاوەڕادەگەیەنێت کە واشنتۆن ڕێگە بە پێکهێنانی حکومەتێکی عێراقی نادات کە ملکەچی دیکتاتۆری کوتلە چەکدارەکان یان کاریگەری دەرەکی بێت، ئاماژەی بەوەشدا کە ئەمریکا ئامادەکاری دەکات بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی سنووری ئێران لە عێراقدا، نەک لە ڕێگەی ڕوبەڕووبونەوە، بەڵکو لە ڕێگەی فشاری سیاسی، ئابووری و دیپلۆماسی، کە تائێستاش دەخەکە ڕێگەی بەو پلانە نەداوە و لە ئاینندەیەکی نادیاردایە.

عێراق و کوردستان، لە ماوەی تەواوی دەسەڵاتی "کوردایەتی و سونە و شیعە"دا، شاهیدی یەک ڕێکەوتنی ڕاستەقینەی نێوان نوێنەرانی خەڵک نەبون، کە بەرژەوەندی دانیشتوان لە پێشینەی بەرژەوەندیە حزبیەکان دابنێن، تەواوی ژیانی سیاسیان سەوداو مامەڵە و نائارمی بووە. شێوەی ڕاستەقینەی خەڵکی عێراق و کوردستان لەبەرامبەر تەواوی سیستەمکدایە کە پێکهاتەی نەتەوەپەرستی و تائیفی و ئیسلامیە، کە دەخالەتی ئەمریکا و ئێرانە، چەندین ساڵە لە پاراستنی خێدا سەرکەوتوو بووە لەسەر حسابی قوربانیەکی بەشومار لە دانیشتوان، بە نەبونی ئاسایش و ناجێگیری و ژیانێکی سەخت.

لەکۆتایدا دەتوانین بڵێین بگشتی چەندبارە دەرگیربونی بارزانی بە تێکڕبونی لە یاری نێوان زلهێزەکاندا و کێشە ناوخۆییەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراق و تاڕبانی، بە ڕکابەری و مامەڵەی لەگەڵ هەزو لایەنەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە ناوچەکەدا، نەک ناتوانێ

نوێنەری کۆشو پرسی مەسەلەی کورد بێت، بەڵکو بەردەوامی بە ئایندەیکی نارۆشن لەسەر چارەنوسی کوردستان ئەدات، لەهەمانکاتدا هیچکات ناتوانێت دابینکەری ئارامی و سەقامگیری سیاسی و ئاسایش بێت لە هەرێمدا.

پەروەردەکردنی مەدەرنی منداڵان.. ڕەزا شوان

پەروەردەکردنی منداڵان، پرۆسەیەکی سیستماتیکی چاودێریکردنی منداڵانە، لەدایکبوونەوە تا هەرزەکاری لەخۆدەگرێت. چاودێریی جەستەیی، پشتگیریی سۆزداری، ڕێنمایی پەروەردەیی و پراکتیکییەکانی گۆشەپێدانی کەمەایەتی کەدەکاتەوە. پەروەردەکردنی منداڵان، بە سادەیی، واتە تێگەیشتن لە چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵان. بریتییە لە دیاریکردنی شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو، کە کاریگەریی لەسەر ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی منداڵان هەیە. هیچ قەناغێک لە ژیانی مرۆڤدا، هێندەی منداڵی گرنگ و چارەنووسساز نییە. پەروەردەکردنی منداڵان تا ڕادەیەکی زۆر، بەندە بە شێواز و بە چۆنیەتی پەیوەندی و بە کارلێکی دایکان و باوکان لەگەڵ منداڵەکانیان، کە ڕێگەی گرنگ لە دڕئەنجامی کەتایپدا دەگەڕێت.
لە ماوەی دەیان ساڵدا، شێوازی پەروەردەکردنی منداڵان، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. کە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە لە نەرمەکانی کەمەگا و لە کاریگەرییە کولتوورییەکان و لە لێکۆڵینەوە دەروونییە مەدەرەکان و لە پێشکەوتووەکانی تێگەیشتنی قووترمان لە گۆشەکردنی منداڵان. لە داهێنانی هەکاری نوێی فێرکردن و پەروەردەکردن. لە ئەمڕۆدا پەروەردەکردنی منداڵان، دینامیکی خێزانی هاوبەشتر لەخۆدەگرێت. ڕێگا بە ئەزموونی فراوانتر دەدات.
پەروەردەکردنی دروستی منداڵان، کارێکی ئاسان و هەمەکی و بێبەکردن نییە، بەڵکو لە هەموو سەردەمێکدا ئەرکێکی قورس و

بەرپرسیارێتییەکی هەستیار و چارەنووسساز بووە. پەروەردەی منداڵان هونەر و زانستییە. کە بە دەژایی سەردەمەکانی مێژوو، پارێزەرێکی بەرچاوی بەخێوەو بینیوە. لە شارستانییەکانەوە تا سەردەمی مەدەرن، ڕێباز و شێوازی پەروەردەکردنی منداڵان لەژێر کاریگەریی ڕەهەندە کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکاندا بووە.

منداڵان کە لەدایک دەبن، ڕابەری شێوازی چۆنێتی پەروەردەکردنیان لەگەڵدا نییە. هەموو منداڵێک تایبەتە. بۆیە هیچ یاسا و دەستوور و بنەما و ڕێنمایی و ڕێبازێکی گشتگیر و نموونەیی بۆ پەروەردەکردنی منداڵان نییە. بەڵام هەندێک باشترین پراکتیزەکردن لە پەروەردەکردنی منداڵاندا هەیە.

ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین، کە زۆرینەی دایکان و باوکانی ئەمڕۆ، لە هەموو کاتێک زیاتر خوێندەوار و ڕۆشنبیرن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لە جاران زۆرتر گومان لە شێوازی دروستی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان هەیە.
پەروەردەی مەدەرنی منداڵان چییە؟
پەروەردەکردنی مەدەرنی منداڵان، ڕێبازێکی هاوچەرخە بۆ پەروەردەکردنی منداڵان. تێشک دەخاتە سەر منداڵان، وەک گەنجەی پرسەی پەروەردەیی، بۆ لێبڕچاوگرتنی تایبەتمەندییەکان و پێداویستییە تاکە کەسییەکان و مەیلی سروشتی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و گفتوگۆ و هاندان و ئازادیی بڕپرسانە دامەزراوە. ئەم ڕێبازە جیاوازە لەگەڵ شێوازی پەروەردە نەریتییەکان. چونکە پەروەردەی مەدەرن هەوڵدەدات کە منداڵان لە ڕەگەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنان و لێهاتوویی بیاردان بهەڕ بکات. پەروەردەی مەدەرن هەندێک لە ئاڵنگارییەکانی کۆمەڵگای ئەستامان لێبڕچاو دەگرێت. لەوانەش پشکوتنی تەکنەلۆژیا و گۆڕینی نەرمەکانی کولتووری
و کرانەوەی منداڵان بە ڕووی چەمکە نوێیەکان. لە ڕوانگەی پەروەردەی مەدەرنەوە، منداڵان خاوەنی بیارەکانی خۆیانن. ڕۆڵی دایکان و باوکان لە پەروەردەکردنی مەدەرندا، بریتییە لە دابینکردنی ژینگەیەکی ئاسوودە و لە هاندانی منداڵەکانیان بە گوزارشتکردن لە خۆیان و بشداریکردنیان لە بیارەکانی ڕۆژانەدا، بە شێوەیەکی ئەرێنی. بە پێدانی ئازادیی تاقیکردنەوە و هاندانیان بە پرسیارکردن و فێربوون لە

هەڵەکانیان بەبێ ترس و رەخنە. بەبێ هیچ جۆرە کۆنترۆکردنێک یا زۆرەملێ و بەیار سەپاندنێک. ئامانج بەو مانایە نییە، کە هیچ سنوورێک بۆ منداڵەکانیان نییە.

ستراتیژییەکانی پەروەردەکردنی مۆدێرن هەمەچەشنن، بەوپێیەی هەر شێوازێک کاریگەریی جیاوازی لەسەر ڕەفتارەکانی منداڵان هەیە و دەتوانرێت بۆ تایبەتمەندییە تایبەتییەکان دەستنیشان بکرێت. بۆیە پێویستە ئەو شێوازە جێبەجێ بکرێت، کە لەگەڵ کەسایەتی هەر منداڵێکدا دەگونجێت. چونکە ئەو شێوازەی بۆ منداڵێک دەشێت، لەوانەیە بۆ منداڵێکی دیکە نەشێت.
شێوازی پەروەردەکردنی مۆدێرن، لەم سانایەی دواییدا، جۆگەی مشتومڕێکی زۆر بووە. شارەزایان و دایکان و باوکان، هەرێکە و بانگەشە بۆ چەندین ڕێبازی جیاواز دەکەن. لەکاتێکدا کە هیچ شێوازێکی پەروەردەکردنی ستاندارد نییە، کە بۆ پەروەردەکردنی هەموو منداڵەکانتان گونجاوبێت. بۆ گشتی لەوانەیە هەڵبژاردنی شێوازێکی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ منداڵەکانتان بەیارمەتی قورس بێت. بەڵام بۆ تێگەیشتن لە شێوازە جیاوازەکان، دەتوانن شێوازێکی تاوتوێکراو و پوختکراو هەڵبژێرن. گرنگ ئەوەیە، ئەوە بزانن کە هیچ شێوازێکی پەروەردەکردنی نموونەیی نییە. جێبەجێکردنی پەروەردەکردنی مۆدێرنی منداڵان، پێویستیی بە پشوودرێژی و بە تێگەیشتنێکی قوول لە کەسایەتی هەر منداڵێک هەیە.
پەروەردەکردنی مۆدێرن، گرنگی زۆر بە تێگەیشتن لە پێداویستییە دەروونی و سۆزداریيەکانی منداڵان دەدات. ئامانجی بنیاتنانی کەسایەتییەکی دروست و هاوسەنگ و گەشبین و متمانە بەخۆبوونە. ئامێش لە ڕێگەی ڕێنمایی ئارەزوو و ئاراستەکردنێکی راست و دروستی پەروەردەکردنی منداڵانەوە، بەدەستدەهێنرێت.
پەروەردەکردنی مۆدێرن، پشت بە دانانی سنوورێکی ڕوون دەبەستێت. لە هەمان کاتدا ڕێز لە کەسایەتی منداڵان دەگرێت، ڕا و بۆچوونەکانیان بەهێند وەردەگیرێن. ئامانجیش دڵنیایی و شادی و هاندان و متمانە بەخۆبوون بە منداڵان دەبەخشن.
پەروەردەکردنی مۆدێرنی منداڵان، پێویستییەکی ڕەهای ئەم سەردەمەیە، بە بنیاتنانی نەوەیەک کە توانای داهێنان و بڕپرسیارێتی و بڕشداریی ئارەزوویی لە کەمڵگادا هەبێت. بە خڕشویستی و ڕەزگرتن لە منداڵان و فێرکردنی چۆنیەتی

بیرکردنەوە و گوزارشتکردن لە خەیان؛ دەرفەتکی راستەقینەیان پێدەدەین، کە بە تەندروستی و بە دروستی پێبگەن. بگومان دایکان و باوکان و پەروەردەکاران توخمکی سەرەکین لە سەرکەوتنی ئەم ئەرکە پیرۆزدا. بۆیە وەرگرتنی بنەما و شێوازە مۆدێرنەکانی پەروەردەکردنی منداڵان، یەکەم هەنگاوە بەرەو داهاتوویەکی دڵخواز بۆ منداڵەکانتان.
پەروەردەکردنی منداڵانی باش و سەرکەوتوو، لە سەدەی بیست و یەکەمدا، لە هەموو کاتێک قورستر و ئاڵۆزتر. گەلێک بەرهەستی و بەرەکگیری رووبەڕووی پەروەردەی مۆدێرنی منداڵان دەبنەوە. چونکە پەروەردەی منداڵان لەم سەردەمدا، بارودۆخێکی ناوازەی لەگەڵ دایە. پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان و گۆڕانکارییە کولتوورییەکان، شێوازەکانی خەرایی ژیانی ئەم سەردەمن. هەموویان رۆهەندی نوێیان بە گرنگی ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵان زیاد کردوون.
بە پەروەردەکردنی منداڵانی خەراگر لەم سەردەمدا، پێویستە دایکان و باوکان و دادەکان و مامۆستایانی قوناخی خوێندنی بنەڕەتی، نەرم و نیان و میهرەبان بن. منداڵەکانیان بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و زیرەکی سەزداری و بیرکردنەوەی ڕەوشت نایابی پەروەردە بکەن. تا بتوانن لەگەڵ شۆڕشەکانی تەکنەلۆژیادا دەربڕن.
منداڵانی ئەمڕۆ، لە ژینگەیەکدا گەورەدەبن، کە بیرکردنەوەی مۆدێرن رووبەڕووی نەرمەکانی نەریتی دەبنەوە. رووداوە گەورەکانی جیهان کاریگەرییان لەسەر دیدگاکانیان هەیە.
کاریگەریی تەکنەلۆژیا لەسەر پەروەردەکردنی منداڵان:
تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دینامیکی خێزانەکان هەیە. چونکە تەکنەلۆژیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر گۆشەکردن و پەروەردەکردنی منداڵانی ئەمڕۆدا هەیە. پێویستە دایکان و باوکان لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، پێکەوە بە هەماهەنگی کاربکەن. هەنگاوی یەکەم پێناسەکردنی ئەو فەلسەفە پەروەردەکردنەیە، کە باوەیان پێی هەیە. ڕەنگە هەر دایک و باوکێک، ڕا و بۆچوونی جیاوازی هەبێت. بەڵام گرنگ ئەوەیە، کار بە هەمان ئامانج دەکەن.
لە جیهانی دیجیتاڵیی ئەمڕۆدا، ئێستەم کە منداڵەکانمان، لە سۆشیال میدیا دوور بخەینەوە. من پێموایە کە منداڵەکانمان هان بدەین کە ئامڕاز تازەکانی تەکنەلۆژیا بەکاربهێنن.

چونکە تەکنەلۆژیا ئامرازێکی بەهێزی فەرکردن و پەروەردەکردنە. بەڵام پێویستیی بە رێنمایی و بە سنووردانان هەیە، بۆ تایبەتیش بە منداڵان.
دەبێت هانی منداڵان بدەین کە بە شێوەیەکی بەرپرسیارێتی و دوور لە هەڵە و لە ئالوودەبوون و زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئامرێ تەکنەلۆژیایەکان. تەکنەلۆژیا رێباز و شێوازی پەروەردەکردنی منداڵانی گۆڕیوە و رەهەندی نوێی وەرگرتووە. منداڵانی ئەمڕۆ، لە تەمەنێکی بچووکەوە نوقمی ژینگەیەکی دیجیتاڵی بوونە. شاشە و ئامرێ دیجیتاڵییەکان، بوونە بە پێویستییان و بە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ڕۆژانەیان. هاتنی مۆبایلە زیرەکەکان و تابلێتەکان و ئینتەرنێت، شێوازێکی گۆڕیان کردووە لە چۆنێتی دەستگەیشتنی منداڵان بە زانیاری. ئەم پلاتفۆرمە دیجیتاڵییانە، ئەزموونی فێربوونی کەسی پێشکەش دەکەن. کە منداڵان دەتوانن بە خێرایی پێشبکەون و لەو بابەتانە بکۆڵنەوە کە قووڵتر سەرنجیان ڕادەکێشن.
هەندێک لەو مەترسییانەی کە لە ئەمڕدا ڕووبەڕووبوونەوەن دەبینرێ، دەرئەنجامی هاوسەرگیریی تەکنەلۆژیایە لەگەڵ کولتووری گەندەڵدا. بەڵام تاوانەکە لە تەکنەلۆژیادا نییە. بەڵکو لەو کەسانەیە کە بەهێز و بە خراپی بەکاری دەهێنن.
ژیریی دەستکرد، چیتر شتێک نییە دەست نەکەوێت. لە ئەمڕدا بوونە بە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ڕۆژانەی منداڵان. پێویستە دایکان و باوکان دەنیابن لەوەی کە ژیریی دەستکرد تەواوکەری گۆشەی منداڵانە. بەڵام ژیریی دەستکرد ناتوانێت جێگەی کارلێکە گرنگەکانی مرۆڤ و زیرەکیی سۆزداری و خۆشەویستی بگرێتەوە. ئەو جیهانەی کە منداڵانی ئەمڕ تێیدا پەرەدەگرن، جیاوازییەکی ڕیشەیی هەیە، لەگەڵ ئەو جیهانەی کە ئێمە تێیدا گەورەبووین.
پرسەی پەروەردەکردنی مەدەرنی منداڵان، پێویستیی بە داشتنی پلانێکی تەکەمە هەیە. پەروەردەکردنیش کارێکی کاتی نییە، کە لە شەو و ڕۆژێکدا بتەدی، بەڵکو بە درێژایی قۆناغەکانی منداڵی و هەرزەکاری، کارێکی بەردەوامە. پێویستیی بە پشوودرێژی و خۆڕاگری و سنگ فراوانی هەیە. ڕاستییەکی هاشا هێنگرە، کە منداڵانی ئەمڕ، لە ئێستاوە زیاتر لەوەی ئێمە هەستی پێدەکەین، لەگەڵ ژیریی دەستکردا، کارلێک دەکەن. ئەگەر ئێمە ڕادەکەین بە ئەوەی بگەین بە ژیریی دەستکرد دا، کەچی دەبینین منداڵەکانمان مەڵەی تێدا دەکەن.

ئایا پەروەردەکردنی منداڵان لە سەردەمی نوێدا، سەدەی بیست و یەکەمدا، سەردەمی تەکنەلۆژیای خێرا و جیهانی دیجیتاڵی و تەنانەت کەمەندایەتییەکاندا، بە دایکان و باوکان قورس و ئاڵۆز؟ ئایا دەتوانن ڕێگە لە داوا و لە خواستەکانی منداڵەکانیان بگرن؟
نالی ـ تەمەن ١٢ساڵان: باوکە ئەمساڵ بە یادی ساڵڕۆژی جەژنی لەدایکبوونم، دەبێت مۆبایلێکی نوێ بە دیاری پێشکەشم بکەیت.
باوکی: بەسەربردنی کاتێکی زۆر لەبەردەم شاشەدا، بە تۆ باش نییە. پێشتریش باسمان لێم بابەتە کردووە.
نالی: دوو ساڵە هەمان قسە دووبارە دەکەیتەوە! هەموو هاوڕێ قوتابییەکانم مۆبایلیان هەیە، منیش مۆبایلەکم دەوێت! من چیم لێوان کەمتر؟
تۆ و دایکم هەمیشە لەسەر لاپتۆپەکانتان و خەریکی مۆبایلەکانتانن! تەنانەت مریەمی خوشکیشم بە ئامادەکردنی وانەکانی قوتابخانەی، سوود لە ئینتەرنێت وەدەگرێت.
نالی بە تووڕەیی و دەستەنگییەوە چوو دەرەوە.
نالی مافی خۆیەتی داوای مۆبایل و ئینتەرنێت بکات، چونکە لە جیهانی مەدەرندا، ئامڕە تەکنەلۆژیاییەکان بوونە بە پێویستی و بە بەشکەی دانەبەاو لە ژیانی ڕۆژانەی زۆرینەی منداڵانی ئەمڕۆدا. ڕۆژی چەند کاتژمێرێک بە بەکارهێنانیانەوە سەرقاڵدەبن. تەلەڤزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ و ئینتەرنێت ئایپاد و مۆبایلە زیرەکەکان و سۆشیال میدیا و یارییە ئۆنلاینەکان، سەرچاوەیەکی زۆر باشن بۆ فێربوون و خۆشبەریکردن و وەرگرتنی بابەتی هەمەجۆڕی زانستی و پێوەندیکردن. پەروەردەکردنی نوێ بریتی نییە لە ڕێگرتن لە منداڵان لە بەکارهێنانی ئامرازە داهێنراوە نوێکانی جیهانی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی و سۆشیال میدیا. چونکە لە ئەمڕۆدا ئامرازە دیجیتاڵییەکان، بوونە بە پێویستییەکی گرنگی پرۆسەی فێرکردنی قوتابیان لە قوتابخانەکاندا. بەڵێ پێویستە هەموو منداڵان ئاشنای ئامڕە تەکنەلۆژییەکان ببن و بە پراکتیکی فێربکرێن و ڕابهێنرێن، کە چون بە دروستی بەکاریان بهێنن.
چەند ڕێنماییەک بە دایکان و باوکان:
(ئەنزیک ئەریکسۆن) دەڵێت:"داهاتووی منداڵ هەمیشە کاری دوو کەسە: دایک و باوک و مامۆستا".

دایکان و باوکانی خۆشەویست، بە پەروەردەکردنێکی دروستی

منداڵەکانتان، لەم سەردەمدا، سەردەمی تەکنەلۆژیای مودێرن، دەتوانن سوود لەم ئامۆژگاری و ڕێنماییانە وەربگرن، کە هەندێک ئارامی و ئاسوودەیی دەروونیتان پێدەبەخشن:

١ـ ئەمە دوێنێ نییە:

پەیوەستە ئەوەی دایکان و باوکان، دان بەو ڕاستییەدا بنێن، کە لە ئەمڕۆدا، شێوازی پەروەردەکردنی منداڵان، جیاوازە لەگەڵ شێوازی پەروەردەکردنی کلاسیکی و نەریتی منداڵیی ئەوەدا. پەیوەستە باوەڕتان بە داهێنانەکان و بە شێوەشی پێشکەوتن و بە گۆڕانکارییەکان لە بواڕکانی ژیاندا هەبێت. بە بواری پەروەردەکردنی منداڵانیشەوە.

٢ـ چاودێریکردنی ئامڕۆ تەکنەلۆژییەکانی منداڵەکانتان:

یەکێک لە ستراتیژییە کاریگەرییەکان، بۆ بەڕێوەبردنی بوونی منداڵان لە جیهانی دیجیتاڵیدا، بریتییە لە دانانی سنووری کاتی دیاریکراو بۆ بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەک و ئینتەرنێت و ئایپاد. بۆ ئەوەی منداڵان ئالوودەی نەبن و زیادەڕەوی لە بەکارهێنانیان نەکەن. پەیوەستە دایکان و باوکان، سنووری کات و ماوەی دیاریکراوی بەکارهێنانی شاشە، بۆ منداڵەکانیان دابنێن؛ تەنانەت دەتوانن سنووری کات بۆ ئەپی تایبەت دابنێن. ئەم ڕێکخستنانە تەنها بۆ ڕێزامەندی ئەوە دەگەڕێن و دەتوانن لەگەڵ گۆشەکردنی منداڵەکانتاندا ڕێکیان بخەن. زۆرێک لە دایکان و باوکان دووڵەن لە کەینی مۆبایل بۆ منداڵەکانیان و ڕێپێدان بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت. بەڵام مۆبایلە زیرەکەکان، پەروەردەکردن و فێرکردن و وەرگرتن، بۆ منداڵان ئاسانتر دەکەن. بۆ دابینکردنی پەیوەندی بەبێ ئەوەی پەیوەستیان بە پەیوەندی وای فای هەبێت. ئەمەش ڕێگە بۆ منداڵەکانتان دەدات لە پەیوەندیدا بەمێنەوە بەبێ ئەوەی پەیوەستیان بە هێڵی ئینتەرنێتی تەواو هەبێت.

٣ـ دانانی سنووری کات بۆ بەکارهێنانی تەلەڤزیۆن:

پەیوەستە دایکان و باوکان، کات و ماوەی سێرکردنی تەلەڤزیۆن و بەکارهێنانی ئینتەرنێت بەپێی تەمەنیان بۆ منداڵەکانیان دیاری بکەن. هانیان بدەن بۆ ئەنجامدانی چالاکی (ئۆفلایین) واتا هاندانیان بۆ چالاکییە جەستەیی و دەروونی و ئاقڵی و یاری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوەی بەکارهێنانی ئامڕۆ دیجیتاڵییەکان. هانیان بدەن بۆ دروستکردنی، هاوسەنگییەکی تەندروست لە نێوان تەکنەلۆژیا و

تاقیکردنەوەی جیهانی راستەقینەدا. دەتوانن پرۆفایلێک بۆ هەریەک لە منداڵەکانتان دروست بکەن. ئامانجی ئەوەیە کە تەنها دەستیان بە ناوەڕۆکی ئەو بابەتانە بگات، کە لەگەڵ تەمەنیاندا گونجاون.

٤ـ بلۆککردنی ماڵپەڕ و شوێنە نەشیاوەکان:

وەک دایکان و باوکان، دەنگ بتانوانێت ئاگاداری جۆرە جیاوازەکانی ئەو ماڵپەڕانە ببن، کە منداڵەکانتان سەردانیی دەکەن. ئەگەر سایتێک یا سایتانەکی نەگونجاوتان دەزیەوە، لە ڕێگەی دابینکەری خزمەتگوزاری ئینتەرنێتەکانتانەوە، یان لەسەر ئامێرەکانی منداڵەکانتان بلۆکیان بکەن.

5ـ ئەپەکانی پەروەردەکردنی منداڵان:

زۆرێک لە گەشەپەدەرانی ئەپەکان، خزمەتگوزاری نوێیان بۆ دایکان و باوکان دەستپێکردووە. ئەم ئەپانە دەتوانن چاودێری تەواو میدیایەکان بکەن، فیلتەر بۆ ناوەڕۆکی نەشیاو بۆ منداڵان دابنێن.

٦ ـ نموونەیەکی باشبن بۆ منداڵەکانتان:

(جۆزف جۆبەر) دەڵێت:"منداڵان پێویستییان بە پێشڕەنگ هەیە، نەک بە ڕاخنەگرتن".

منداڵەکانتان لاسایی زۆرێک لە ڕەفتارەکان و لە خووەکانی ئەوەی دایکان و باوکان دەکەنەوە. پێویستە نموونە و پێشڕەنگ و سەرمەشقی مەدەرن و باشبن لە فێربوون و لە چۆنیەتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیادا. بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە ڕەفتاربکەن. بە پاراستنی پێوەندییەکی کراوە، تا منداڵەکانتان هەست بە ئاسوودەیی بکەن.

٧ ـ کارلێکی ڕاخنەیی لەگەڵ ناوەڕۆکی:

منداڵەکانتان هانبدەن، بۆ بیرکردنەوەیەکی ڕاخنەگرانە، دەربارەی ئەو ناوەڕۆکانەی
لە ئینتەرنێتدا دەیانخوێننەوە. بە ڕاشکاوی گفتوگۆ لە بارەیانەوە بکەن.

٨ـ هاندانی ڕەفتاری ئەرێنی ئۆنلاین:

منداڵەکانتان فێربکەن، کە چۆن لە ڕێگەی ئۆنلایینەوە ڕەفتاری جوان بکەن.

هەریەکە لە ئێوەش ئازادن، کە کێلیلی تر بۆ ئەم ڕێنماییە و ئامۆژگارییانە زیادبکەن.

سەرەڕای ئەو بەرهەستییانەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا

دیانخەنەوو، گرنگە دان بە گرنگی و بە سوودە زۆرکانی تەکنەلۆژیادا بنێن، کاتێک کە بە شێوەیەکی دروست و هاوسەنگ بەکاردەهێنرێن. بەڵام ئەگەر بە نادروستی و بە خراپی بەکاربهێنرێن زیانیشیان هەیە. ئامرازە دیجیتاڵییەکانیش گیانەوەرەکی لەدایکبوو نین. مرۆڤ دایهێناون و دروستیکردوون و بەرنامەڕێژی کردوون. لەژێر رکێف و کۆنترۆڵی مرۆڤ دان. سوودیان یان زیانەکانیان، لە چۆنییەتی بەکارهێنانیان دایە.
لە جیهانێکدا کە بە خراپییەکی سەرسوڕهێنەر دەگۆڕێت، پەروەردەی کلاسیکی و نەریتی، بەس نییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگییەکانی سەردەمی مەدەرن.

لە کۆتاییدا، لە میانەی گرنگیدان بە خۆشەویستی و بە پێوەندییەکی دروست، لەنێوان ئەوەی دایکان و باوکان و منداڵەکانتان. دەتوانن، بەسەر ئەو سەختی و ئازی و بەرهەستیانەی، کە دێنە ڕێی پەروەردەی مەدەرن، سەربکەون و منداڵەکانتان بۆ داهاتوویەکی گەشتر و شیاوتر پەروەردە و ئامادە بکەن.

(*) تا ڕادەیەک سوودم لە چەند ماپڕۆکی ئینگلیزی وەرگرتووە.
دوبەی: ١/١/ ٢٠٢٦